# پەیامی ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵە بۆ ٢٦ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە

ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی پڕر لە خەبات و تێکۆشانی کۆمەڵە، دەریدەخا کە پێکهاتن، چالاکی و تەنانەت گەورەبونەوەی دواتری کۆمەڵە بە هۆی هێز و تێکۆشانی جیلی لاوەوە بوە. ٣٨ ساڵ لەوە پێش یەکەمین بەردی بناغەی ڕێکخراویٚ کۆمەڵە لە زانکۆکانی دەرەوەی کوردستان بە دەستی چەند خوێندکارێکی گەنج، لەوانە کاک فواد لە تەمەنی ٢١ساڵیدا، داندرا. زۆربەی هەرەزۆری چالاکانی کۆمەڵە لە دەورەی ڕێژیمی شادا خوێندنکارانێک بوون کە تەمەنیان لە ٣٠ساڵ کەمتر بو. کاتێکیش کە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران ڕێژیمی شای ڕووخاند، بەشی زۆری لایەنگران و هێزی کۆمەڵە لە لاوان پێک هاتبو. هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە کە ماوەی زیاتر لە دوو دەیەیە لە بەرابەر کۆماری ئیسلامی ئێراندا ڕاوەستاوە بە زۆری لە کوڕان و کچانی گەنج پێک هاتوە.

دەبینین کە هەر ئێستاش چ لە ئاستی سەراسەری ئێراندا و چ لە کوردستان خوێنکاران و لاوان دەورێکی گرینگیان لە وەستانەوە و بەربەرەکانیدا هەیە. لاوان نەک هەر ووزە و تواناییەکی زۆر دەبەخشن بە بزوتنەوە، بەڵکو دەتوانن لە پێشەوەی ڕەوتی ئاڵوگۆڕ و بەرەوپێش چونیشدا هەنگاو هەڵگرن.

بۆ کۆمەڵە وەک حیزبێکی مۆدێڕن وسۆسیالیست، ووشیار کردنەوەی لاوان، ڕاکێشانی سەرنجیان بۆ تێکۆشانی سیاسی و کەڵک وەرگرتن لە ووزە و هێزی داهێنەریان، ئەرکێکی سەرەکیە. بۆ جیلی لاو و خوێندکارانی کوردستانیش کۆمەڵە ئەو حیزبەیە کە دەتوانن خەبات سیاسی خۆیانی پێوە گریٚ بدەن، لە مێژووەکەی و ئەزمونەکانی بکۆڵنەوە، کاریگەریی مێژویی کۆمەڵە لە سەر کۆمەڵگای کوردستان بۆ ماوەی نزیک بە چوار دەیە بخەنە بەر تیشکی هەڵسەنگاندنێکی زانستیانە و لایەنی جۆراوجۆری ببینن و ئەزمونی لێوەرگرن. مێژوی کۆمەڵە بەشێکە لە مێژوی کوردستان.

ئێمــه لــه ڕێکخــراوی لاوانــی کۆمەڵــەوە، بانگهێشــتنی هــەمو کــوڕان و کچــانی کوردســتان دەکــەین کــه پشــتگری لــه خــەباتی ڕزگایخوازانــەی کوردســتان بکــەن، کــه بــەها مــۆدێرن و پێشــکەوتۆخوازەکانی کۆمەڵــه ببیــنن و هاوشــان لــه گــەڵ ئێمــه ئــەو ڕەوتــه و ئــەو تێکۆشــانه بــه هێــز کــەن. جــارێکی کــەش پیرۆزبــایی ڕۆژی کۆمەڵــه دەکــەین و ڕێــز دادەنێــین بــۆ ئــەو ئازیزانــەی کــه لــەو ڕێگایــەدا گیــانی خۆیان له دەستدا.

## ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵە

ڕێبەندانی ١٣٨٦ی هەتاوی، بەرابەر لەگەڵ فێوریەی ٢٠٠٨ی زایینی